# ئاسۆی بزووتنەوەی دژی گەندەڵی

رێبوار ئەحمەد

گەندەڵیو تالآنو برۆ سەرتاپای دامو دەزگا حکومیەکانی کوردستانی داگرتووە. ئیتر ئەوە لەکەس شاراوە نیەو جەماوەری فراوانی خەلکی کوردستان خۆشباوەریەکیان لەو بارەیەوە نەماوە کە دوو حیزبی دەسەلاتدارو حیزبەکانی دیکەی دەستو پیوەندیان، لەم 14 سالەدا بە هەزارو یەك شیوە داهاتی کوردستانو سەرچاوەکانی ژیانو گوزەرانی خەلکیان مۆنۆپۆل کردوەو بەراستو چەپدا تالانی دەکەن. لە پیشدا هەردوو حیزب بەشی شێری داهاتی کوردستان بۆ بەهیزکردنی میلیشیاو دامو دەزگا حیزبیەکانی خۆیانو مەقەڕو سکرتاریەتو دیوەخانەکانیان بە تالان دەبەن، دامو دەزگا حیزبیو سیاسیو سەرکوتگەرەکانی ئەم دوو حیزبە لە ناو لیشاوی پارەوپولدا نوقم بوون. تەنانەت هەر بەم داهاتە ناکۆکیو پیشبرکێی نیوان هەردوو حیزبو کێبەرکێی کتلەکانی ناوخۆشیان بەریوەدەبەن. جگە لە داهاتەکان هەرچی سەروەتو سامانی ئەم کۆمەلگایە هەیە بە زەویو زارو ئاوو فرسەتی کارکردنیشەوە، خراوەتە خزمەتی راگرتنی دەسەلاتی ئەم دوو حیزبەوە. هەرکەس لەگەل ئەوان، یان لەگەل یەکیك لە دەستو پیوەندەکانیان نەبیت، لە سامانو داهاتو ئیمکانیاتی ئەم کۆمەلگایە هیچی پێ نابرێ. سەرکردەکانی هەردوو حیزب لەسەر ئەم قەلای داهاتە یاری دەکەنو هیچ سنوریك لەبەردەم خۆیان نابینن.

دوای حیزبو سەرکردەکان نۆرە دیتە سەر بەرپرسانی هەردوو حیزب، تەواوی بەرپرسان بوون بە گەورە سەرمایەدارو خاوەن مولکی ئەم کۆمەلگایە. هەرچی مولکی گەورەو کۆشكو تەلارو بونگاو بازارو تەندەرو شەریکەو پرۆژەکان هەیە، لە دەستی ئەم حیزبانەو بەرپرسانیان کۆبوەتەوە. 14 سالە ئەم راوروتو تالانو برۆیە بە ناوی "دەسەلاتی کوردیو خۆمالیو نیشتمانیو بەرژەوەندیەکانی کوردەوە" بەریوە دەچیت. تەنانەت ئەو بودجەیەی کە بە روالەت بۆ دامەزراوەکانو پرۆژە خزمەتگوزاریەکانو ئاوەدان کردنەوە تەرخان دەکریت، بەشی هەرە گەورەی بە تالان دەبریت. ئەمە ئیتر لەکەس شاراوە نیەو تەنانەت قالبیکی رەسمیو ئاشکرای وەرگرتووە. کارکردن لەگەل دوو حیزبی دەسەلاتدارو دەستو پیوەندەکانیان وەکو کارو پیشەیەکی پارە پەیداکردن بە رەسمیو ئاشکرا لە نیو خەلکدا قسەی لیدەکریت. هەر هاولاتیەك بۆ ئەوەی لە سەرەتاییترین مافی خۆی بەهرەمەندبیت، لە وەرگرتنی پارچە زەویەکەوە بگرە تا دامەزران لەسەر کارو بەدەستهینانی بژیوی رۆژانەو هەر کاروباریکی دیکە کە پیویستی بە دامو دەزگا حکومیەکان بیت، ئەو راستیە دەزانێ کە دەبی لە ریگای رەشوەدان بە بەرپرسیکەوە هەنگاوی بۆ بنێو بەرپرسیك بکاتە شەریکە بەشی مافە سەرەتاییەکانی خۆی.

تالەبانیو بارزانیو هەموو سەرانی حیزبەکان ئەم راستیانە لە هەموو هاولاتیەك باشتر ئاگادارن، محمدی حاجی محمود کە خۆی شەریکی ئەوانە، لە گفتوگۆیەکدا لەگەل رۆژنامەی هەریم راشکاوانە دان بەم راستیانەدا دەنیت. چەند جار خودی تالەبانیش بۆ هیورکردنەوەی نەفرەتو نارەزایەتی خەلك دانی پیدا ناوەو گفتی بەخەلك داوە کە بنەبری بکاتو تەنانەت وەکو ئەوەی خۆیو سەرکردایەتی حیزبەکەی لەم تالانو برۆیە بێ خەبەر بکات، خەلاتی بۆ ئەوکەسانە تەرخان کرد کە گەندەلیو راورووتی بۆ ئاشکرا دەکەن. بەلام نەکەس ئەوەندە گیل بوو کە بیر لە وەرگرتنی ئەم خەلاتە بکاتەوەو نە تەنانەت خاوبوونەوەیەك کەوتە ناو رەوتی پەرەسەندنی گەندەلیو تالانو برۆوە.

ئیستا سەرانی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە ریكو راست بە شیوەی عەشایەریو تالانچیتی مامەلە بە داهاتی کوردستانەوە دەکەن، ژیانیکی فیرعەونانەیان بۆ خۆیان پیکهیناوە، قوربانیو خوینی دەیان هەزار "شەهید"و ئەنفالو ئیعدامو بێ سەروشوین، بەرهەمی راپەرینو فیداکاریو دەربەدەریو ئاوارەیی جەماوەری ملیونی خەلکی کوردستان، کردویەتی بە ژیانیکی شاهانە بۆ کەمایەتیەکی کەمی سەرانی ئەم حیزبانەو هەژاریەکی گەورەو بیدەرەتانی جەماوەری ملیونی خەلك.

کیشەی ئاوو کارەباو ریگاو بانو خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان، کە رەنگە بە هەمووی بۆ هەر شاریك بە ئەندازەی سەروەتی یەکیك لە گەورە بەرپرسانی ئەم حیزبانەی تینەچیت، بۆ خەلك بوون بە ئاواتو ئارەزوویەکی دوورە دەست، بۆ هەریەك لە مانە سالانیکە داستان ساز دەکەنو فروفیشالی پیوە دەکەن، بەلام دیسان لە گەرمای پروکینەری هاویندا ملیونەها پیرو مندالو لاو موحتاجی سەعاتیك کارەباو بەرمیلیك ئاون.

### پەرەسەندنی نارەزایەتی جەماوەری

ئەم تالانو برۆیە، ئەم دابەش بوونەی کۆمەلگا بۆ دوو ئۆردو کە یەکیکان نوقمی سەروەتو ئەوەی دیکەیان نوقمی هەژاریو بێدەرەتانیە، ئەم گەندەلیە لە رادەبەدەرو سەرتاپاگیرە، ئیتر کاسەی سەبری خەلکی لیواو لیوکردوە، ئیتر نە فریوکاریو نە وەعدەو بەلینی هەلخەلەتینەر، نە هاتو هاواری دواکەتوانەی کوردایەتیو نە خۆحەشاردان لە پشتی وینەی ئەو رۆلانەی بە کوشتیانداوە، نەیتوانی بەر بەهاتنەمەیدانی خەلك بگریت. نەفرەتو نارەزایەتی لەسەراسەری کوردستاندا شەپۆل دەدات. جەماوەری ملیونی تورەو بیزارن. ئەو راستیە لە ئاستیکی فراواندا دەرکەوتوە کە "کوردایەتی" بزووتنەوەیەك بوو کە هەولیدا لە ریگای بەدەستەوەگرتنی مەسەلەی کوردو ستەمی میللییەوە، بورژوازیو داراکانی کوردستان بگەیەنی بە دەسەلاتو سامانو سەروەتی کۆمەلگا بخاتە بەردەستی ئەوان.

هاتنەمەیدانی جەماوەری ئازادیخوازی رانیەو کەلارو سلیمانی بە ریزی فراوان، خۆپیشاندانو مانگرتنی لیرەولەوێی خوێندکارانو کریکارانو کاسبکاران، تەنها سەرەتاو چەخماخەی هاتنەمەیدانو خرۆشانیکی فراوانتری جەماوەریە بۆ هەلگیرانەوەی وەزعی ئیستا. هەر ئیستا لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بزووتنەوەیەکی هەمەگیر بە شیوەی جۆراوجۆر لە ناو تویژە جیاجیاکانی خەلکدا لە حالی شکلگرتندایە. تۆری رابەرانو پیشرەوانی ئەم بزووتنەوەیە بە شیوەی جۆراوجۆر لە دەستەو کۆروکۆمەلی هەمە جۆرەدا خەریکی ریکخستنی ریزەکانی خۆیانو گەلالەی خواستەکانی خەلكو سازادانو رابەری کردنی ئەم نارەزایەتیانەن.

ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکە لە پیناو ژیان، لە پیناو مافو پیداویستیەکانی ژیان. لە هەمانکاتدا بزووتنەوەیەکە کە بە کردەوە هیچ مەشروعیەتیکی بۆ دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیونالیست نەهیشتووەتەوە. ئیتر گوێی خەلك لەوە پربوە کە 14 سالە هەر دەورەی بە بەهانەیەك پاساوی هەژاریو نەبونی خزمەتگوزاریەکان

بکەن. بەلام ئیتر نە ساوایی حکومەتی هەریمو نە دوو لەتبوونو نە شەروکیشەی "براکوژیو نە ئاشتبونەوەو برایەتیو نە هەلومەرجی ناسک"و نە فروفیشالی "تەجروبەی سەرکەوتوانەی دیموکراسی"، هەروەها نە سەرکوتو نە هیچ چەواشەکاریەکی تر دادیان نادات‌و ناتوانی بەر بەهاتنەمەیدانی خەلك لە پیناو ژیانو پیداویستیەکانی بگریت. بە کردەوەو بە نرخی تەجروبەیەکی تالو پرکارەسات، ئەو راستیە چەسپاوە کە بزووتنەوەی کوردایەتیو حیزبەکانی ناکۆکی توندو لە چارنەهاتویان لەگەل مافو خواستو ئاواتو ئارەزووەکانی خەلك هەیە، ئەو راستیە چەسپاوە کە ئەم حیزبانە عەشیرەتیو دواکەوتونو ناکۆکی توندیان لەگەل بوژانەوەو پیشکەوتنو خۆشگوزەرانیو ئاسودەیی قانونو پیوانەی مەدەنیو مودیرن هەیە، ناکۆکی توندیان لەگەل ئازادیو سکولاریزمو مەیلی مودیرنیستی ژنانو لاوانو خەلکی پیشکەوتوی کوردستان هەیە. بۆیە ئیتر وەکو کۆتو بەندی دەستو پێ گیر بەری بۆپیشەوە چوونی ژیانی کۆمەلایەتیان لە هەموو مەیدانیکدا گرتووە. تەواوی پرۆژە سیاسیەکانیشیان لە فیدرالیزمو هاوپەیمانیتی لەگەل کۆنەپەرستی ئیسلامیو داسەپاندنی دەستوری فاشیانەی ئیسلامی- قەومیو برگەی 58و تا سازدانەوەی حکومەتی هەریمو پەرلەمانی تالانچیو هەموو شتیکیان، سەرجەم بۆ پاریزگاریو توندکردنەوەی ئەم بیدەرەتانیە لەسەر خەلكو رازاندنەوەی زیاتری دەسەلاتو ژیانی فیرعەونانەی خۆیانە.

## فریوکاریو سەرکوت دوو دیوی یەك سیاسەت

بزووتنەوەی کوردایەتیو حیزبەکانی ئەم دەورەیە لە هەموو کاتیك ئاشکراتر ئەو راستیەیان نیشانداوە، کە ئەگەر فریوکاری دادی نەدان، ئامادەن بە چاولیکەری لە رژیمی بەعس هەموو هیزو لایەنیکی رەقیبو مخالفی خۆیان، هەروەها جەماوەری فراوانی خەلکی نارازی بە "مخربو غوغا"و دەسیسەو گومان لیکراو تاوانبارو پاشان سەرکوت بکەن. تەقەکردن لە خۆپیشاندانی هەزاران کەسی خەلکی کەلارو ئامادەباش کردنی هیزەکانی ئاسایش لە شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بۆ سەرکوتی نارەزایەتی خەلك بەلگەی روونو راشکاوی ئەم راستیەیە.

بەلام بی شك ئەم حیزبانەش وەکو هەموو دەسەلاتیکی سەروخەلکیو سەرکوتگەرو ناکۆك بە خواستو ئیرادەی خەلك، هیچ کات دەست لە هیچ یەك لەم دوانە: فریوکاریو سەرکوت، بەرنادەن، رەنگە لە هەر دەورەیەکدا بەپێی هەلومەرجو ئاستی خۆشباوەریو هاتنەمەیدانی خەلك، یەکیك لەمانە دەوری زیاترو ئەوی تریان دەوری کەمتر پەیدا بکات.

سەرانی یەکیتیو بەرپرسانیان لەبەرامبەر خۆپیشاندانو هاتنەمەیدانی جەماوەری فراوانو یەك بروای رانیەدا، سەرکوتیان بە ئامرازیکی کارا نەزانی، بۆیە کۆمەلیك وەعدەو بەلینو سویندی بەدۆریان بۆ خەلك خوارد کە لە زوترین کاتدا وەلامی خواستو داواکانیان دەدەنەوەو بۆیان جیبەجێ دەکەن، کەچی لەوکاتەوە چەند مانگ دەگوزەرێو ئەوەی بەدی بکریت تەنها بلاوکردنەوەی هیزەکانی ئاسایشو زالکردنی فەزای تۆقاندنە بۆ ئەوەی جاریکی تر خەلك نەتوانن کۆببنەوەو خواستەکانیان دووپات بکەنەوە. لە شاری قەلادزێ هەر لەسەرەتای دەست پیکردنی جموجۆلی نیو خەلکەوە، پیاوانی ئاسایش بە شیوازی مولازمەکانی رابردوو دەستیان دایە هەرەشەو چاوسورکردنەوەو تۆقاندنی خەلكو توانیویانە تا ئیستا هیزی خەلکی نارازی وەکو دێویك راگرن کە هیشتا لە هیلانە نەهاتووەتەدەرەوە. لە شاری کەلار بەرپرسانی ئەوێ تەحەمولی ئەوەیان نەکرد خەلك تانە لە ژیانی شاهانەیان بداتو هەر زوو لولەی چەکیان کردە خەلكو بە گوللە وەلامی خواستەکانیان دانەوە.

لیرەوە ئیتر پەیوەندی نیوان خەلك لەگەل دەسەلاتو حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی پێ دەنیتە نیو قۆناغیکی تازەوە. ئەو کاتەی دەسەلات گەیشتە ئەو رادەیەی بە لولەی چەك خۆپیشاندانی هەزاران کەسی لە پیناو خواستو خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیان سەرکوت بکات، ئیتر بەلگەی پیکهاتنی قلشتی گەورەیە لە نیوان خەلكو ئەو دەسەلاتەدا. ئەمە جیاوازی زۆری هەیە لەگەل شەری یەکیتیو پارتیو لە خوین هەلکیشانی خۆپیشاندانە سیاسیەکانی یەکتر، تەنانەت ئەمە جیاوازی هەیە لەگەل پیلانگیرانی سەرکوتگەرانە لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری، ئەمە سەرکوتی راستەوخۆی خەلكو خواستەکانی پەیوەست بە ژیانی رۆژانەیانە. هەرچەندە بەکاربردنی ئەم شیوازەش لەلایەن بزووتنەوەی کوردایەتیەوە تازە نیە بەرامبەر بەخەلك، بەلام ئیستا گەیشتوەتە قۆناغیکی پەرەسەندوو.

## هەلویستی حیزبەکان

ئیمزای حیزبەکانی (زەحمەتکیشانو حسكو شیوعیو یەکگرتوی ئیسلامی) لە ژیر بەیاننامەکەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دژی خۆپیشاندانی خەلکی کەلار، بەلگەیەکی تازەیە کە دەچیتە سەر خەرمانەی هەلویستی ریاکارانەو دژی خەلکی ئەم حیزبانە بەدریژایی سالانی رابردوو. ئەم حیزبانە لە ئاست بیدەرەتانیو بیمافیو ژیانی کارەساتباری خەلك چاویان داختسوە، لە بەرامبەر لە خوین هەلکیشانی خەلك هیچ هەستو شعوریك بۆ "مەدەنیەتو ئازادیو یاساو دیموکراسی" لە خۆیان نیشان نادەن، بەلام بۆ جامی شکاوی ماشینەکەی جەنابی "عالی المقام" هەستی مەدەنیەتو دیموکراسیان جولاوە. وەلام نەدانەوە بە خواستە سەرەتاییو رەواکانی خەلك مەحکوم ناکەنو قسەیەکیان لەسەری نیە، گوللەباران کردنی خەلك لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە مەحکوم ناکەنو قسەیەکیان لەسەری نیە، بەلام شکاندنی جامی ماشینەکەی جەنابی قایقام دلی ئەوانی تەزاندوە.

ئەم حیزبانە لە پیناو بەرژەوەندییەکی پوچو حەقیرانەدا ئامادەن فتوای یەکیتی دژی خەلكو خواستی خەلكو خۆپیشاندانی رەوای خەلك بە ئاژاوەگیریو دەسیسەی گومان لیکراوان، ئیمزا بکەن. بەلام دەبێ بۆ هەلویستی ئەم حیزبانە لە پال ریاکاریەوە هۆکاری دیکەش روونبکریتەوە. یەکگرتووی ئیسلامی وەکو لایەنیکی کۆنەپەرست تەباییەکی مەبدەئیشی لەگەل سیاسەتی سەرکوتگەرانەی یەکیتی هەیە. ئەو بەپێی مەبدەئی کۆنەپەرستانەی خۆی دژی روناکیو بوژانەوەو ئاسودەییو خۆشگوزەرانی خەلکەو لە هەژاریو بیدەرەتانیو  داماوی خەلك کەلك وەردەگریت. تەجروبەی چەند سالی رابردوو نیشانیدا تا خەلك هەژارترو بێ ئیرادەتر بوون، بازاری رەشی ئەوان بۆ کرینی ویژدانو شعوری برسیو بیدەرەتانەکان گەرمتربوو. بە پولو پارەی عەمالەتیان لە ریگای پەخشانەوەی حجاب لەگەل مشتیك زەخیرەو زەکاتدا سەدان حوجرەی پەخشانەوەی خورافاتو جیهادو تیرۆرو چاندنی رقو کینەی ئیسلامیان دامەزراند. بۆیە بوژانەوەی خەلك کوانووە رەشەی ئەوان کویر دەکاتەوە. حیزبی شیوعی لە دەیان سالی رابردوودا لە پەراویزی بزووتنەوەی کوردایەتیدا جیگایەکی زەبونانەی بۆ خۆی پەیداکردوە، زۆرتر حیزبی خزمەتکاری بزووتنەوەی کوردایەتی بووە لە کوردستاندا،

هەمیشە پاساودەری سیاسەتو تاوانەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیو بەشداری سیناریۆ دژی خەلکیەکانیان بووە، لە پیناو ئەو جیگا زەبونانەیەی کە لە پەراویزی ئەواندا پەیدای کردوە. هەروەها بۆ ئەوەی سەری مانگ مەعاشەکەی وەرگریت، هەمیشە ئامادەبووە کاغەزی سپی بۆ یەکیتیو پارتی ئیمزا بکات. حیزبی شیوعی لەم مەیدانەدا ناوبانگیکی زۆر گەورەی هەیە.

حیزبی زەحمەتکیشان هەمیشە بۆ یەکیتی دەوری برای بچوکی گیراوە، هیچ کات لە قسەی دەرنەچوەو هیچ کات وەکو حیزبو حیزبیکی سەربەخۆ رەفتاری نەکردوە. نە تەنیا لەبەر ئەوەی کە بودجەو بەشی پیبراوی خۆی لە خۆی تیکنەدات، بەلکو لە بنەرەتدا وەکو ئەندامی خیزانی بزووتنەوەی کوردایەتی کە هیچ ناکۆکیەکی بنەرەتی لەگەل حیزبەکانی دایك نیە، رەنگە خۆیان باشتر بزانن رونی بکەنەوە کە بۆچیو لە پیناو چیدا لە ژیرناویکی تایبەتدا خۆیان دەنوینن، ئەمە رەنگە زۆر تەحلیلی سیاسی هەلنەگریت. حسك لە راستیدا حیزب نیە، محمد حاجی محمود هەفتەیەك پیش تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەلکی کەلار لە گفتوگۆیەکدا راشکاوانە باسی گەندەلیو دزیو راوروتی یەکیتیو پارتی دەکات، گلەیی لە کەمی بەشی خۆی دەکات، پەردە لەسەر دنیایەك واقعیەت هەلدەمالی، تەنانەت محمدی حاجی محمود باسی نەزانیو نەخویندەواریو دواکەوتویی ئەندامانی پەرلەمانەکەیانو وپوچی خودی پەرلەمان دەکات وەکو پرۆژەیەکی چوار سالە بۆ مشەخۆریو سەروەت کەلەکە کردنی کۆمەلە کەسانیك کە گوایە وەکو نوینەری خەلك لەویدا بەرژەوەندی بالای "میللەت دەپاریزن"! کەچی ئیستا لقی کەلاری حیزبەکەی خۆپیشاندانی خەلکی بیدەرەتان لە دژی ئەو گەندەلیو راوروتەی کە خۆی باسی کردوە، بە ئاژاوەگیریو دەسیسەی گومان لیکراو تاوانبارو مەحکوم دەکات.

ئەم لایەنانە لە 14 سالی رابردوودا هەمیشە لە کیشمەکیشی یەکیتیو پارتی لەگەل خەلکدا، دژی بەرەی خەلكو خواستەکانیان راوەستاون، هەمیشە خزمەتچیو پاساودەری سیاسەتی دژی خەلکی دەسەلات بوون، بەلام ئەمجارە بەلگەیەکی لە هەمیشە زقترو ئاشکراتریان بۆ نیشاندانی خەسلەتی خۆیان بەدەستەوە داوە، بزووتنەوەی خەلکی ئازادیخواز دژی گەندەلیو لە پیناو خواستو مافە سەرەتاییەکانیان بەم هەلویستەی ئەم حیزبە گویرایەلانە لەکەدار نابیت، بەلام ریسوایی خۆیان بەم هەلویستە گەیاندە لوتکە. ئەمەش دەرسیکی تازە دەخاتە سەر تەجروبەکانی خەلکی ئازادیخواز بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو.

### سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە گرەوی چیدایە؟

خەلك ناتوانن دەست لە خواستی پەیوەست بە ژیانی رۆژانەیان هەلگرن. ئەم بیدەرەتانیو گەندەلیەیە، ئەم یاری کردنە بە داهاتو سەرچاوەکانی ژیانی خەلك، ئەم دەسەلاتی میلیشیاییو بیروکراسیە ئیتر تەحەمول ناکریت. بەهانەو پاساوەکان، پروپاگەندەو فریوکاریەکان، بەلینە درۆو چەواشەکارانەکان... برەوی نەماوە. خەلك تەجروبەی زۆری وەرگرت، لەوە زیاتر خۆشباوەری نە تەنیا کوشندەیە بەلکو خەتایە. ئاشکرایە کە هیچ راستیەك لەوەدا نیە کە دەلین "داهات کەمە، بودجە نیە، بە پەلە ناکریّ، لە دەسەلاتی ئەواندا نیە..." بەلکو ریكو راست مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم حیزبانە گەندەلی بە سەرچاوەی کەلەکەبونی داهاتو دەسەلاتی داسەپاوی خۆیان دەزانن، گەندەلی سەرچاوەو مایەی تالانوبرۆی ئەم حیزبانەو سەروەتمەندبوونی بەرپرسانیانە، ئاوو کارەباو ریگاوبانو خزمەتگوزاریەکانی دیکە بە خەلك رەوا نابینن، لە جیاتی ئەمە بۆ ژیانی شاهانەی خۆیانو دەسەلاتی خۆیانو مونافەسەی کۆنەپەرستانەی نیوان خۆیان خەرجی دەکەن.

ئەم داهاتە بە قسەی خۆش لە دەستی ئەوانو لە گیرفانی هەرگیز پرنەبوی ئەوان نایەتەدەرەوە. دەریای چەواشەکاریو بەهانەو بەلینی درۆشیان لە بن نایات. تا بتوانن بەم شیوازە خەلك لە مەحرومیەت رادەگرن، هەرکاتیش ئەم پەتەیان بچرا، دەست بۆ سەرکوت دەبەنو پیشمەرگەکانی دەزگای ئاسایش دەخەنە گەر. جەماوەری خەلکی ئازادیخواز دەبیّ ئەم کۆسپو سەختیانەی بەردەم خەباتو بەدیهاتنی خواستەکانیان بە باشی ببینو بزانن چۆن لیی دەپەرنەوە.

ئیتر نابیّ هیچ جیگایەك بۆ خۆشباوەریو بەلینەکانی بەرپرسانو دامو دەزگاکانی ئەحزابی دەسەلاتدار بمینیتەوە. زۆر سادە مەسەلەکە ئەوەیە کە تیروتەسەلیو ئاوو کارەباو ئاسودەیی خەلك لەگەل دەسەلاتو سەروەتمەندیو ژیانی فیرعەونی ئەواندا ناکۆكو دژ بەیەکن، ئەم دوانە یەك سەرچاوەیان هەیە، یان دەبیّ بۆ ئەمیان بروات یان بۆ ئەویان. بۆیە تا بتوانن بۆیان بکریت بۆ خۆیانی دەبەنو نایدەن بە خەلك. 14 سالە بە کردەوە وایان کردوە. بۆیە هیچ گومان لەوە نیە کە ئەو بەلینانەی کە بە خەلکی رانیەو کەلاریانداوە، بۆ پەرتو بلاوەکردنی خەلکە، مەگەر ریزی لە مەیدان راوەستاوی خەلك زەمانەتی جیّبەجی بوونیان بکات. کەوایە ئەم هیزە جەماوەرییە دەبیّ بەردەوام یەك دەستو یەك بروا لە مەیدان راوەستیّو چۆلی نەکات.

لە مەیدان راوەستانی ریزی جەماوەری خەلك، لە گرەوی ریکخراوبوندایە. جەماوەریکی فراوانی ناریکخراوو پەرتو بلاو ناتوانن خواستو ئیرادەو باوەریان بکەن بەیەكو پیکەوە هەنگاوبنین. لەم پیناوەدا لە پیشدا دەکری تۆری رابەرانو پیشرەوانی ئەم نارەزایەتیانە لە دەستەو کۆروکۆمەلی جۆراوجۆردا (بۆ نمونە دەستەکانی بە مەدەنی کردنو بەرگری لە خواستەکانی جەماوەر) کە ئیستا لە چەند جیگا سەریان هەلداوە، هەنگاویکی سەرەتاییو عەمەلی بیت بۆ ریزی رابەرانی عەمەلی ئەم بزووتنەوەیە. ئەم تەجروبەیە دەبیّ سەراسەری بیتەوەو لە هەموو شوینەکانی تریش ئەم دەستەو کۆمەلانە پیکبهێنرێن.

هاوکات ئەم دەستانە دەبیّ جەماوەری خەلك لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. خواستەکانی خەلك گەلالە بکەنو شیوازو تاکتیکی گونجاو بخەنە بەردەم خەباتی جەماوەری. لە ریگای کۆبونەوەی جۆراوجۆر لەگەل خەلكو دانی راگەیاندنی بەردەوام، جەماوەر لە بەرنامەو بۆچونەکانی خۆیان ئاگادر بکەن، لەسەر رووداوو کیشەو گرفتەکانی خەلك بۆچونو ریگاچارەی خۆیان رابگەیەنن، ئەنجامی گفتوگۆکانیان لەگەل دامو دەزگاکانو پیلانەکانی دەسەلاتداران بۆ خەلك روون بکەنەوە. بەم جۆرە جەماوەر لەگەل خۆیان هاوراو هاوبروا بکەن.

خۆپیشاندانو مانگرتنی گشتی سەرەتاییترینو لە هەنگاوی یەکەمدا شیوەیەکی گونجاوە بۆ بەگەرخستنی ئیرادەی خەلك، بۆیە بەردەوام دەبیّ نەخشەی سازدانی مانگرتنی گشتیو خۆپیشاندانی هەرچی گەورەو فراوانو ریکخراوتر لە دەستوردا بیت. بەردەوام دەبی جەماوەر بۆ هاتنەمەیدانو خۆپیشاندان ئامادەو ساز بکرین. لە هەمانکاتدا تا کاتیك کە ئەم شیوازانە شیوەی گونجاوی ئەم خەباتە بیت، پیویستە بە هوشیاریەوە ریگا لە پیلانی دەسەلاتداران بگیریت بۆ شیواندنیان. نەریتی باوی ئەوان ئەوەیە کە بەکریگیراوانی خۆیان دەنیرنە ناو خەلکەوە بۆ ئەوەی بەهانەی سەرکوت بداتە دەستیانەوە.

ئەم بزووتنەوەیە دەبێ سەراسەری بیتەوە، ئەمە مەرجیکی زۆر گرنگو سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی. چ شتیك لەوە ئاشکراترە کە هاتنەمەیدانی خەلکی کەلار گوروتینیکی گەورەتری بەخشیوە بە جەماوەری وەمەیدان هاتووی رانیە؟ خەلکی سەراسەری کوردستان هاودەردو هاوگرفتن، گەندەلیو تالانچیتیو نەبونی خزمەتگوزاریەکان سەراسەری کوردستانی گرتوەتەوە. بۆیە هیچ بەلگەیەکی نیە کە خەلکی هەر ناوچەو هەر شاریك کە هەموویان لەبەرامبەر یەك دەسەلاتیکی ستەمکارو گەندەلدا قەراریان گرتووە، بە جیاجیا خەباتی خۆیان بەرنەپیشەوە. ئەم خەباتە ئەگەر یەکبخرێو سەراسەری بیتەوەو وەکو بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو هاوئاهەنگ لە دەوری خواستە هاوبەشەکانی سازبدریت تەنانەت دەتوانی دەستی سەرکوتگەرانیش بشکینێو چۆکیان پیدابدات. ئەمە ئەرکی دەسبەجێی رابەرانو دەستەکانی ئیستایە کە لەگەل یەك پیوەندی بگرنو قالبیکی سەراسەری بدەن بەم بزووتنەوەیە.

گفتوگۆ لەگەل دەسەلات، شیوازیکە کە رەنگە زۆرکات لە رەوتی ئەم خەباتەدا بیتە پیشەوە، بەلام دەبێ ئەو راستیە لەبەرچاوبگیری کە دەسەلاتداران، لە بنەرەتداو لەو جیگایەی کە زەختیان بۆ بیتو ناچاربن، هەولدەدەن گفتوگۆ لەگەل نوینەرانی خەلك وەکو ریگایەك بەکاربهینن بۆ هیورکردنەوەی خەلكو فریوکاری، بۆ کرینی کات. لەلایەن خەلکیشەوە گفتوگۆ شیوازیکە کە لە جیگای خۆیدا هەنگاوی بۆ دەنرێ لە پیناو سەپاندنی خواستەکانی خەلكو دەرگا ئاوەلاکردنی بۆ هەنگاوی گەورەتر، گفتوگۆ مەیدانیکی تری کیشمەکیشە. بەم مانایە نابێ هیچ خۆشباوەریەك بەو وەعدەو بەلینانە هەبیت کە نوینەری دەسەلات لە ژووری داخراودا بە نوینەرانی خەلکی دەدەن. لانی کەم لە رانیەو لە کەلار ئەمە بە کردەوە تاقی کرایەوە. بۆ پوچەلکردنەوەی مەرامی دەسەلاتدارانو شکاندنەوەی گفتوگۆ بە قازانجی خەلك دەبی یەکەم: خودی دەست پیکردنی گفتوگۆ وەکو دابین بوونی خواستەکان چاوی لی نەکرێو نەبیتە هۆی خاوبونەوەی نارەزایەتیەکان یان چۆلکردنی مەیدان، لەپال گفتوگۆشەوە دەبێ هیزی جەماوەری نارازی لە مەیدان راوەستێ، دەبێ لەلایەن نوینەرانی خەلکەوە پیداگری توند لەسەر ئەوەبکرێ کە گفتوگۆکان راستەوخۆ لەکەنالەکانی راگەیاندنەوە بلاوبکرینەوەو ئەنجامەکانو ئەو خالانەی کە هەردوو لەسەری پیکدین بە بەیانی رەسمی رابگەیەنریت.

جگە لەوانەی باسکران نابێئەم بزووتنەوەیە تەنها خۆپیشاندانو دانانی خواستەکان لەسەر میزی دەسەلاتدارانو فشارهینان، بۆ دەستەبەرکردنی مافو داخوازیەکانی خەلك لە پیش خۆی دابنیت. بەلکو دەکرێو دەبێ راستەوخۆ دەست دریژ بکریت بۆ پرۆژەی جۆراوجۆری خزمەتگوزاریو چارەسەری کیشەکانو بەگەرخستنی توانای جەماوەری خەلك لەم پیناوەدا. بە تایبەت دەستەو کۆمەلەکان دەتوانن راستەوخۆ دەخالەت بکەن لە کاروبارو بەریوەبردنی کاروباری رۆژانەی ژیانی خەلك، دەبی راستەوخۆ هەنگاوهەلگرن بۆ سەپاندنی چاودیری نوینەرانی خەلك بەسەر خەرجی داهاتو پرۆژەکاندا. ئەمە جیگا بە ئیدارەی گەندەلی دەسەلاتداران لیژ دەکات، بروبیانوی "ناکرێو نابێو لە دەسەلاتدا نیە"ی دەسەلاتداران تیدەپەرینێ، لە هەمان کاتدا ئیرادەی خەلك بەهیز دەکاتو پایەو نفوزی جەماوەری رابەرانو دەستەکانیان دەباتە سەرەوە. راگرتنی خەلکیش لە پشتی ئەم پرۆژانەوە زامنی ئەوەیە کە داهاتی پیویست بۆ ئەم پرۆژانە لە دەستی دەسەلاتداران دەربهینریت.

## خواستەکانو ئاسۆی ئەم بزووتنەوەیە

بەدەر لەوەی تا ئیستا جموجۆشو هاتنەمەیدانەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە دەوری خواستو شیعاری رۆشنو دیاریکراو بووە، بەلام جیگای خۆیەتی بۆ پوختەتر گەلالەکردنی ئەم خواستانەو گریدانەوەی بە ئاسۆو سیترتیژیکی رۆشنەوە جاریکی دیکە، ئەم خواستانە تاوتوی بکەینو دەست بخەینە سەر ئاسۆیەك کە دەبی لە پیش خۆی دابینێو لیرەشەوە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە روانگەی خەلکی ئازادیخوازو ستەمدیدەوە پیناسە بکەین.

گەندەلی ئیداریو تالانو برۆی داهات، دەسەلاتی میلیشیایی-عەشیرەتی ئەم حیزبانە، هەژاریو نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، هۆکارە راستەوخۆکانی شکلگرتنی ئەم بزووتنەوەیە پیکدەهینن، هەلبەت تا ئیستا خرۆشانو هەلچونەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە دەوری ئەنجامە دیاریکراوترەکانی ئەم دەسەلاتە گەندەلە شکلیگرتووە. هاتنەمەیدانی خویندکارانی زانکۆی سلیمانیو هەولیر لە دژی قاچاغچیتی بە زانستو خویندن، راستەوخۆ پەیوەست دەبیتەوە بە گەندەلی دەسەلاتەوە. خرۆشانی خەلکی کەلار دژی نەبونی ئاوو کارەبا لە گەرمای هاویندا، پەیوەست دەبیتەوە بە گەندەلی دەسەلاتەوە، بەو مانایەی کە دەسەلاتدارانو بەرپرسان داهاتەکان تالان دەکەنو بۆ خەلكو خزمەتگوزاریەکان خەرجی ناکەن. راپەرینی خەلکی رانیە راستەوخۆ دژی ئەوە بوو کە هەموو پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لە جیگای خۆیان کەوتوونو بودجەکانیان بە وشکی دەخریتە گیرفانی بەرپرسانی حیزبی حاکمو دەستو پیوەندەکانیانەوە. تەنانەت ئەوە لە خەلك رۆشنە کە ئەگەر ریگاگرتن لە کاری شوفیرەکان، بە کۆبون کردنی نەوتو بەنزین، قەدەغەکردنی بازرگانی بە فلان مەوادی خۆراکی لە فلان ناوچە، تەنانەت یاری کردن بە تۆرەکانی تەلەفوناتو... سەرجەم سەرچاوە دەبەنەوە سەر گەندەلیو بۆ هەر یەك لەم مەسەلانە خەلك بە دیاریکراوی دەزانن کە نیەتو پیلانی قازانجپەرستانەی حیزبیك یان بەرپرسیکی خاوەن دەسەلات لە پشتیێوە وەستاوە.

لە راستیدا ئەو گرفتانەی کە تا ئیستا بوون بە هۆکاری راستەوخۆی تەقینەوە جەماوەریەکان، بەشیکی کەم لە گرفتو ئاکامەکانی گەندەلیو دەسەلاتی میلیشیایی ئەم حیزبانە پیکدەهینن، تالانو برۆیەکی زۆر گەورەتر بە پیش چاوی خەلکەوە لە ئارادایە، بێ مافیەکی زۆر فراوانتر لەم دەسەلاتەوە هەلقولاوە، بەلام رەنگە زەختی ئەمانە لەسەر خەلك هیشتا پلەیەکی مابیت بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی زەختی گەرمای هاوینی بێ ئاوو کارەبا. ئەگینا خەلك بە چاوی خۆیان دەبینن کە چۆن بۆ نمونە زەویو زاری ئەم کۆمەلگایە لەلایەن سەرانی یەکیتیو پارتیەوە یاری پی دەکریت، تەنانەت ئەوانەی کە بە پێی بریارەکانی خۆشیان پارچە زەویەکی پی دەبرێ، ناچارە بۆ وەرگرتنی لەگەل فلان بەرپرسدا بیکات بە نیوەیی. ئەو گازو نەوتو بەنزینەی کە گوایە لەبەر نەبوونی کراوە بە کۆبون، لە بازاری رەشو بەنزینخانەی فلان بەرپرسدا دەتوانی بە هەزاران لیتر بەسەر یەکەوە بکری. هەر ئامادە بەکاریك تا هەرکەس کە دوای چەندین سال خویندنو بەدەستهینانی پسپۆری، کاری دەست ناکەویت، دەتوانی بەبێ چونەسەرکار دامەزریت، بەو مەرجەی نیوەی مانگانەکەی بدات بە فلانە بەرپرسی یەکیتی یان پارتی. ...ئەمانەو یاری کردن بە چارەنوسی سیاسی کۆمەلگاو سەرکوتی ئازادیە سیاسیەکانو داسەپاندنی جۆرەها کۆنەپەرستیو سەدان دیاردەی تر رۆژانە نەفرەتو بیزاری خەلك جۆشدەدەن، ئەم بزووتنەوەیە هیشتا دێوێکی خەوتووەو بە تەواوی نەجولاوە.

بەلام هەموو ئەمانەو خودی ئەو گەندەلیە سەراپاگیرەی کە هەیە، خۆی ئەنجامیکی حەتمی دەسەلاتی میلیشیایی-عەشیرەتی ئەحزابی کوردیەو لیی جیانابیتەوە. بەلینی سەرانی ئەم حیزبانە بۆ بنەبرکردنی پوچو بیبایەخە، چونکە سەری سەرەوەیان لە هەموان زیاتر تالانی دەبات، تالانچی ناتوانیٚ بەر بە تالان بگریت. لە هەمانکاتدا گرفتەکانی خەلك تەنها گەندەلی نیە، خواستو ئارەزوەکانی خەلك بۆ ژیانیکی تیروتەسەل لە کۆمەلگایەکی مودیرنو سکولارو پرخزمەتگوزار، زۆر لە ریشەکیش کردنی گەندەلی واوەترە. بۆیە ئەم بزووتنەوەیە نابیٚ ئاسۆی خۆی تەنها بە وەلامی چەند کیشەو گرفتی دیاریکراوی رۆژانە بەرتەسك بکاتەوە، نابیٚ تەنها رووبەرووی چەند ئەنجامو ئاکامیکی ئەم دەسەلاتە بیروکراسیو میلیشیاییە گەندەلە راوەستیٚو دەست بۆ ریشەکەی نەبات، ئەو گرفتانە بەم ئاسۆیەو لەم ئاستەدا بیٚچارە دەمیننەوە. سەرئەنجام بەم پیٚیە ئەم بزووتنەوەیە ناتوانی مۆرکیکی سیاسی راستەوخۆ پەیدا نەکات. بۆ کۆتاییهینان بە گەندەلیو کۆتاییهینان بە تالانو برۆ، بۆ بوژانەوەی ژیانی مەدەنیو گوزەرانی خەلكو دابینبونی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان، بۆ چارەسەری هەژاریو بیدەرەتانی، هەر وەکو بۆ مسۆگەربوونی ئازادیو گیرانەوەی بریار لەسەر داهاتووی کۆمەلگا بۆ ئیردەی خەلك، بۆ دابینبونی مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەلكو سکولاریزمو بەدیهاتنی مافو ئازادیەکانی ژنانو لاوان...پیویستە دەسەلاتی میلیشیایی -عەشیرەتی لەسەر دلی خەلك کۆتایی بیتو دەسەلاتیکی مەدەنی پشتبەستوو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەلك ئیدارەی کۆمەلگا بکات.

لیرەوە خواستو ئاواتەکانی کریکارانو ژنانو لاوانو خەلکی ئازادیخواز لەگەل بزووتنەوەی جەماوەری دژی گەندەلیو نەبونی خزمەتگوزرایەکان بە توندی گریدەخۆن. دەسەلاتی میلیشیایی-عەشیرەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، هەم سەرچاوەی گەندەلیو هەم سەرچاوەی کۆنەپەرستیو لایەنیکی داسەپینەری دەستوری فاشیانەی ئیسلامی-قەومیو ئیلحاق کردنەوەی کوردستانە بە حکومەتی کۆنەپەرستو شۆفینیستی بەغداوە. ئەمانە بۆ دەسەلاتی ئەحزابی عەشیرەتی بزووتنەوەی کوردایەتی تەواوکەری یەکن. دەستوری فاشیانەو دەست تیکەلکردن لەگەل کۆنەپەرستی ئیسلامی، ریگایەکە کە ئەم حیزبانە بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی گەندەلی خۆیان بەسەر خەلکی کوردستاندا هەلیانبژاردوە. بۆیە هەموو ئەمانە پیکەوە گریٚیانخواردوەو هەر پیکەوەش لەگەل بەرژەوەندیەکانی سەرجەم جەماوەری ئازادیخوازدا ناکۆکیو دژایەتی توندو کویرانەیان هەیە.

بزووتنەوەی دژی گەندەلی دەبی ببیتە میحوەری بزووتنەوەیەکی هەمەگیری جەماوەری، کە گشت ئەم هەلومەرجە سەختو دژوارە هەلگیریتەوە، بزووتنەوەیەك کە خواستەکانی پەیوەست بە گرفتەکانی ژیانی رۆژانەی خەلك لەگەل مەدی تورهەلدانی دەستوری فاشیانەو کۆتاییهینان بە دەسەلاتی میلیشیاییو ئیلحاقی ئیجباری کوردستانو ئاسۆی بەرپاکردنی دەسەلاتیکی مەدەنیو سکولار، لیکهەلپیکیٚ.

لەم روانگەیەوە هاوشان لەگەل سازدانی خەباتی جەماوەری بۆ خواستە دیاریکراوەکانی پەیوەست بە ژیانی رۆژانە، کاری راستەوخۆی جەماوەری بۆ دەخالەت لە ژیانو گوزەرانی خۆیان، بۆ چەرخاندنی ئموری رۆژانەی خۆیان لەلایەن خۆیانەوە، بۆ راپەراندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بە ئیبتکاری خۆیان مانا پەیدا دەکات، پیکهاتنی دەستەو دامەزراوەی جەماوەری راستەوخۆ بۆ رەقابەتی چۆنیەتی مامەلە بە داهاتەکانو پەردە هەلمالین لەسەر گەندەلی مانا پەیدا دەکات. ناکام کردنەوەی سیناریۆی داسەپاندنی دەستوری فاشیانە لەم بزووتنەوەیەدا جیگای خۆی پەیدا دەکات، وەستانەوە دژی ئیلحاق کردنەوەی کوردستان بە دەسەلاتی قەومی-ئیسلامی کۆنەپەرستانەی بەغداوە بایەخی گەورە پەیدا دەکات. سەرئەنجامیش ئاسۆی هەموو ئەمانە، ئاسۆی کۆتاییهینان بە گەندەلیو دەسەلاتی میلیشیاییو بیدەرەتانیو حوکمو دەستوری ئیسلامیو ئیلحاقی ئیجباریو دابینبوونی مافو ئازادیە سیاسییو مەدەنیەکانو ئاواتو ئارەزوەکانی ژنانو لاوان، لە خواستی جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومیو غەیرە دینیو مەدەنیو پشتبەستو بە ئیرادەی خەلکدا گەلالە دەبیت.

ئەمە ماناو ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەیە، ئەمە لە هەمان کاتدا پلاتفۆرمی چەپی کۆمەلگایە، ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەر بکات، دەبیٚ لە دەوری ئەم پلاتفۆرمەو رابەری بەدیلی کۆمۆنیستی کۆببیتەوە. کریکارانو ژنانو لاوانو خویندکاران گەورەترین بەرژەوەندیان لە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەو جیکەوتنی بەدیلی کۆمۆنیستیدا هەیە، بۆیە دەبی نەخشی سەرەکی بگیرنو بربرەپشتی ئەم بزوتنەوەیە پیکبهینن. دەستەو کۆرکۆمەلەکانی رابەرانی عەمەلی ئەم بزوتنەوەیە بەو رادەیەی ئەم ئاسۆو پلاتفۆرمە بکەن بە ئالای بزووتنەوەی دژی گەندەلی بە هەمان رادە سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر دەکەن.